# ئەستێرە ناو دارەکانی جامی جیهانی



**ئا : ئاگری باڵەکی**

مۆندیال لە هەندێ یاریزانی تۆپی پێ ئەستێرەی دروست کردووە. لە یاریەکانی مۆندیالدایە کە یاریزانەکانە بەناو بانگەکان تاوناکانی خۆیان پێشان دەدات .

ئەوەی ئێمە لێرەدا بە شێوەیەکی کورت دەیخەینە بەر چاوی ئێوە کورت کراوەیەکە لە ٦یاریزانی تۆپی پێ لە مێژووی مۆندیال کە نەخشێکی کاریگەریان هەبووە لە بەرز کردنەوەی تیپەکانیان لە مۆندیال دا و هەندێکیشیان توانیان لەگەل تیپەکانیان مۆندیال بەدەست بێنن.



## دیگۆ مارادۆنا

لە شێوەدا لە یاریزانێکی نموونە نەدەچوو . قەد کورت و خەپەتۆلەیە.بەڵام کاتێك یاری دەکرد سەر شێوەی لەشی شێوەیەکی تایبەتی هەبوو ، کە واپێ دەچوو کە تەنها یاریزانی ناو یاریگایە .

هەندێ کات بەراستی واش بوو ، زۆر لەوانەی کە مۆنیالی ١٩٨٦یان بیر دێ ، دەڵێن کە ئەو بەتەنیا ئەو مۆندیالی بردەوە ، ئەو دەکەسەی تر هەروەك یارانێك بوون کە لەگەڵ ئەو ئاوازەی ئەو دەرۆیشتن تا گەیشتن بە مۆندیال.

مارادۆنا لە سالی ١٩٦٠لە دەروبەری بونیس ئایرس پێتەختی وڵاتی ئەرجەنتین هاتۆتە دونیا ، تۆپی پێی لە ٩ سالیەوە لەگەڵ تیمی "ئارجینتوس جونیورز" دەست پێ کرد .

لە تەمەنی ١٦ساڵێ دا چووە نا دنیای تۆپی پێ پێشکەوتوو(حرفەی) و لە تیپی لاوانی ئەرجەنین جێی خۆی کردەوە.

تەنها چوار مانگ لە گەڵ تیپی لاوان یاری کرد ، دواتر لەلایەن راهێنەری هەلبژاردەی ئەرجەنین بانگهێشت کرا ، بەڵام سەرەرای ئەوەی کە دەوری کاریگەری هەبوو لە یاریە نێو دەوڵەتیەکان بەڵام مارادۆنای بۆ مۆندیالی ١٩٧٨ نەیتوانی بەشداری بکات لەبەر ئەوەی راهێنەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین ئەوی لەناو هەلبژاردەکەی جێگا نەکردەوە، هەر چەندە ئەو یاریانە لە وڵاتی ئەرجەنتین بەرێوەچوو، بۆ یەکەمین جاریش ئەرجەنتین لەو مۆندیالەدابوو کە پلەی یەکەمی بەدەست هێنا.

مارادۆنا ٢ساڵ دواتر لەگەڵ تیمی لاوانی ئەرجەنتین لە مۆندیالی لاوانی ١٩٨٠کە لە یابان بەرێوە دەچوو توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت.

لەیاریەکانی مۆندیالی ١٩٨٢لە گەل هەڵبژاردەی ئەرجەنتین بەشداری کرد بەڵام بەشێوەی کە چاوەروان دەکرا ئاوا نەبوو لە ئاستی خۆی دا یاری نەکرد. بەڵام لە مۆندیالی ١٩٨٦ئەو توانی خۆی بەشێوەی یاریزانێکی نموونە بناسێنێ بە جیهانی تۆپیپێ . مارادۆنا هەر لەو کاتەندا بوو لە یانەی "بوکاجونیۆر" ئەرجەنتین و "ناپل" ئیتالیا یاری کرد، بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر درەوشاوە.

رابردووی تۆپی پێی ئەو لەگەڵ "مادە بێهۆشکەرەکان" تێکەڵ بوو دوای ئەوەی ئاکامی تاقیکردنەوەکانی لە مۆندیالی ١٩٩٤ئەمریکا ئەرێ بوو ،کە مادەی وزەبەخشی خواردووە لە یاری کردن لەمۆندیال دوورخرایەوە.

مارادۆنا لە ساڵێ ٢٠٠١بە یەکجاری وازی لە یاری کردن هێنا.

# پلە



سولتان پلە، لە جیهانی تۆپی پێدا ئەو دوو وشەیە بەسە بۆ ئەوەی کە بزانین باسی کێ دەکەین ، "ئادسۆن ئارنتۆس ئەرانتۆز دۆناسیمەنتۆز " ناسراو بە پلە.

پلە لە ساڵی ١٩٤٠لە دایك بووە ، ئەو لە تەمەنی ١٥ساڵی یەکەم یاری بۆ یانەی "سانتوس"ی بەرازیلی کرد ، لە مۆندیالی ١٩٥٨لە سوێد کە ئەو کات تەمەنی ١٧ساڵ بوو تا کاتی خانەنشینی لە ساڵی ١٩٧٧ هەمیشە و هەموو کات یاریزانێکی نموونەی یاریگای تۆپی پێ بووە تا کو ئیستاشی لەگەل بێت یاریزانێکی بەو توانایەی پلە لە یاری تۆپی پێ نموونەی نیە. پلە لەمۆندیالەکانی ١٩٦٢ شیلی و ١٩٦٦ئینگلتەرا بەشدار بوو لە گەل هەڵبژاردەی بەرازیل بەلاَم دەوری کاریگەری نەبینی چونکە لە هەردوومۆندیالدا لە دەوری یەکەم تووشی پێکان دەبوو.

ژمارەی پێوانەی ئەو کە ١٢٨١گۆل لە ١٣٦٣یاری هەروەها لە گەڵ ٩٢یاری لە گەڵ هەلبژاردەی بەرازیل تاکو ئیستا لە شوێنی خۆیەتی.

هەلبژاردنی وەك یاریزانێکی تۆپیپێ ی بەرازیل بۆ هەموو سەردەمێك لە ساڵی ١٩٧٠ کە ئەو کات پلە لە بەرزترین ئاستی یاری کردن دابوو، ئەو تەمەنی ئەو کات ٣٠ساڵ بوو.

ئەو لەساڵی ١٩٧٤خانەنشین کرا بەلاَم یەك ساڵ دواتر هاتەوە ناو یاریگا و لە تیمی "کاسموس"ئەمریکی یاری کرد . لە کۆتایی ئەو لە ساڵی ١٩٧٧بەیەکجاری وازی لە یاریکردن هێنا. لە ساڵی ٢٠٠٠وەك یاریزانی سەدەی تۆپیپێ دیاری کرا.

# یۆهان کرایف

تۆپی پێ لە هۆڵەندا بە شۆرشێك دەستی پێ کرد و گەیشتە ئاستێکی بەرز ئەو شۆرش سەرەتا لە ناو یانەی "ئاژاکس ئامستردام" کەیەکێك لە یانە هۆلەندیەکانەو تائیستاش بوونی هەیە دەستی پێ کرد ، ئەو کەسەی کەتوانی ئەو شۆرشە رابەری بکات کەسێك نیە جگەلە" یۆهان کرایف" کە توانی تۆپی پێ لە هۆلەندا دا بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز گروتینێکی تری پێبدات.

یۆهان کرایف لە ساڵی ١٩٤٧ لە گەرەکێکی نزیك یاریگای یانەی ئاژاکس هاتە دوونیاوە ، ئەو لە ١٠ساڵی لەگەل تیپی تازە پێگەیشتوانی یانەی ئاژاکس دەستی پێکرد ب یاری تۆپی پێ ، دوای ٧ساڵ واتە لە تەمەنی ١٧یەکەم یاری بۆ یانەی ئاژاکس ئەنجام دا و هەر لەو یاریەشدا گۆلێکی لێدا .

کرایف لە ساڵی ١٩٦٦بۆ هەلبژاردەی هۆلەندا بانگهێشت کرا ، لە ساڵی ١٩٧١یەکەمین خەلات لە سێ خەلاتی یاریزانی تۆپیپێی ئەورووپای بەدەست هێنا . ئەو لە ساڵی ١٩٧٣ لە گەل یانەی بارشەلۆنە بۆندێکی ئیمزا کر د. کاریف لە ساڵی ١٩٧٤ دەورێکی کاریگەری هەبوو لە گەیاندنی هەڵبژاردەی هۆڵەندا بۆ یاری کۆتایی مۆندیال.



هەر چەندە لە یاری کۆتایی مۆندیال هۆلەندا ٢-١بە هەلبژاردەی ئەلمانی رۆژئاوا دۆرا ، بەلاَم یاری بێ عەیبی هەڵبژاردەی هۆلەندا سەرنجی جەماوەری بۆلای خۆی راکێشا ، کرایف بەنیشانەی هێزی جولێنەری ئەو شێوە یاریە لە تۆپیپێ ناسرا.

یوهان کرایف یاری

پێشکەوتووی لە گەڵ یانەی ئارۆل/گرانا دەست پێکرد و لە یانـەی فـاینوردی رۆتێردام لە ساڵی ١٩٨٤ کۆتایی پێ هێنا.

ئـەو لـە دوای دا وەك راهێنـەری یانـەی ئـاژاکس بـەردەوام دەبـێ ، ئـەو یانەیـەی گەیاندە یاری کۆتایی جامی "رکوپا"ی ١٩٨٧. کاتێك کە گرێبەستەکەی لەگـەڵ یانـەی ئاژاکس تەواوبوونەیتوانی لە بەرامبەر پێشنیاری یانەی بەرشەلۆنەدا بێ هەلوێست بێ و هەربۆ یە راهێنەری یانـەی بەرشـەلۆنەی وەئەسـتۆ گـرت و لـە سـاڵی ١٩٩٢ دێوەکـانی کاتالانی گەیاند بە یەکەم جامی ئەوروپایی .

## لویاشین



لویاشین گۆڵچی نەترسی روس بە درێـژایی ژیـانی یـاریزانی تـوانی شـێوەی و جـۆری تایبـەتی لـە پارێزگاری کردنی گۆل بێنێتە کایەوە .

یاشـین لـە سـالی ١٩٢٩ لـە دایـك بوو و لە ١٣ساڵی کاتێك کە لە مۆسکۆ کرێکاری کارگە بوو ، لە گـەڵ یانـەی دینامۆکیف دەسـتی کـرد بـە تـدریب (تەمرین) ، یاشین بەدرێژایی تەمەنی یـاریزانی وەك گۆلچـیەك لـە یانـەی دینامۆکیف مایەوە و ٢٢وەرز لەگـەڵ ئەو یانەیە بوو .

ئەو کاتێك ماندووبیبوو لەوەی کە وەك گۆڵچی یەدەك چاو لێدەکرا و یاری پێ نەدەدرا بریاری دا کە یاری تۆپیپێ بنێتە لاوە و یاری هاکی بکات ، بەڵام پێش ئەوەی ئەو ئە و کارە بکات ئیجازەی پێدرا کە یاری بکات بۆیە هەر لەو کاتەوە ناوی دەرکرد ،ئەو نازاوانـەی کـە لێیـان هەڵـدەدا بریتـی بـوون لـە " پلنگی رەش"، " جالجالۆکەی رەش".



ئەو یەکە گۆڵچی بوو کە توانی ناوچـەی سزا بکاتـە ئـیخـۆی و هێـزی و توانـای خـۆی بەشێوەیەکی جوامێرانە سەرف دەکرد لەهەر یاریەکدا .

ئـەو گۆلچـیە روسـیە لـە سـالەکانی ١٩٥٨،١٩٦٢،١٩٦٦ گۆلچـی هەلبـژاردەی روسیە(شۆرەوی ) بوو ، پێش لە هەر یاریەك ئەو سیگارێکی دەکێشا و نەفەسی خۆی تازە دەرکردەوە .

یاشین ١٥٠پەنارتی گێراوە و لە ٢٧٠یاری گۆلی نـەخوارد ، و تائیسـتاش هـیچ یـەك لـەو ژمارانە لەلایەن هیچ گۆلچێکی ترەوە تۆمار نەکراون و ئەو ژمارانە لە شوێنی خۆیانن.

ئـەو اە سـاڵی ١٩٦٣وەك یـاریزانی سـاڵی ئـەوروپا ناسـێنرا ، ئـەو تـەنیا گۆلچـیەکە لەمێژوودا کە بە ئەو نازناوە گەیشتووە . یاشین لە ٢٠مارتی ١٩٩٠بەهۆی هەندێك کێشە لـە دوای نەشتەرگەریەك کە بۆی کرا ، کۆچی دوایی کرد.

## فرانس پوشکاش



لە ساڵی ١٩٥٣ فرانس پوشـکاش بـە"پیـاوی قەلـەو خـرپن" وەسـف دەکرد .بـەڵام ئـەو لـە هـەمان کاتـدا یـەکێك بـوو لـە باشـترین یاریزانـانی تۆپی پێی ئەوروپا .

پوشکاش بە لێدانی ٨٣ گۆلّ لـە ٨٤ یاریـدا بـە جلـی هەڵبـژاردەی مەجارسـتان ،ژمارەیـەکی پێوانـەیی تۆمار کـرد کـە تـاکو ئێسـتاش هـیچ یاریزانیك نەی توانیوە ئـەم ژمارەیـە تۆمـار بکـات. ئـەو لـە سـاڵی ١٩٢٧ هاتۆتـــە دنیـــاوەو لـــە پەنجاکانـدا(١٩٥٠-١٩٥٩) تـوانی هەلبـــژاردەی وڵاتەکـــەی خـــۆی بگەیەنێتە بەرزترین ئاست.

پوشکاش کە پێی چەپی بەکار دەهێنا بۆ شوت کردن و هەر  تۆپێك کە بەشێوەیەکی باش کەوتبا سەر پیٚی چەپی بەشێوەیەکی زۆر بە هێز ئاراستەی گۆلی دەکرد کە کەمبوون ئەو گۆلچیانەی کە ئەو شوتانەیان پیٚ دەگیرا. بەلاٚم لە لیٚدان بەسەر تەواو شارەزا نەبوو.

دوو روداو تەسیریان هەبوو لە سەر ئەو یاریزانە :یەکەمیان دۆراندنی عەلبژاردەی مەجارستان لە بەرام سویس لە ١٩٥٤و شۆرشی ١٩٥٦ی مەجارستان کە وای کرد کە هەلیٚت بۆ نەمسا(وین). ئەو لەو کاتدا لە دوای ١٨مانگ محرومیت گەراوە یاری کردن ، و لەگەل  یانەی ریال مەدرید گرێبەندی مۆر کرد.

پوشکاش لە یانەی ریال مەدرید لە گەلٚ ئەسیٚرەکانی وەك "ئالفریدۆ" و "ستیفانۆ"توانی بگەریٚتەوە شیٚوەی پیٚشی خۆی و بگاتەوە ئاستیٚکی بەرز لەیاری تۆپیپیٚ و هەر ئەمەش وای کرد کە ریال مەدرید بکەنە قارەمانی ئەوروپا.

ئەو بە لیٚدانی ٣٥گۆل لە ٣٩ یاری ئەوروپایی بە ئاستیٚکی دەست نەگەیشتوو گەیشت.

ئەو ئیسپانیای وە ك ولاٚتی تازەی خۆی هەلٚبژارد و چوار جار لەوانە لە مۆندیالی ١٩٦٢ توانی بەشداری چالاکانەی هەبیٚت بۆ ئیسپانیا. ئەو تا سالٚی ١٩٦٦یەك سال پیٚش خانەنشینشی لە هەلبژاردەی ئیسپانیادا بەشدار بوو .

ئەو لە سالی ١٩٩٣ گەرایەوە مجارستان و ئەو شوێنی خۆی یەکسەر پەیدا کردە و وەك قارەمانی نەتەوەیی چاو لیٚکرا .



## بکن باور

بکن باور ئەو کەسەیە کە توانیویەتی پلەی یەکەمی مۆندیال هەم لەو کاتەی کە کاپتنی هەلبژاردەی ئەلمانیا بوو و هەم ئە وکاتەی راهیٚنەری هەلبژاردەی ئەلمانیابوو بەدەست بهیٚنیٚت.

ئەو لە ١١ی سیپتامبری ١٩٤٥لە مۆنیخ هاتۆتە دنیاوە، لە تەمەنی ٩ سالٚی لە گەل تازەپیٚگەیشتوانی



"اس.سی.مونیخ" ٦یاری کردوە . لە سالی ١٩٥٨ چووە ریزی یانەی بایرمونیخ.

ئەو بۆ یەکەمین جار لە سالی ١٩٦٥ لە هەلبژاردەی ئەلمانیا یاری کردووە ، سیٚ جار لە سالانی ١٩٦٦(پلەی دووەمی)،١٩٧٠(پلەیسیٚیەم)، ١٩٧٤ (پلەی یەکەم) و مۆندیالی بەدەست هیٚناوە لەگەلٚ هەلبژاردەی ئەلمانیا .

بکن باور بەهۆی دانانی شیٚوەی ئازاد بەرگری  کردن لەیاری دا بەناوبانگە . ئەو بەشیٚوەیەکی زۆر جوان هیٚرشەکانی بۆسەر گۆلی تیپی بەرامبەر دادەرشت.

بکن باور لە سالی ١٩٧٧ لە کاتیٚکدا کاپیتان هەلبژاردەی ئەلمانیابوو ، بایەر مونیخ بەجیٚ دیٚلیٚت و دەروات بۆ ئەمریکا لە بەرامبەر بە پاداشتیٚکی زۆر کە یانەی "کاسموس"نیۆرك پیٚی دەدات وەك یاریزانیٚك .لە سالی ١٩٨٢ گەرایەوە ئەلمانیا  بۆ ماوەیەك دفاعی هامبورگ بوو و سەرنجام لە سالی ١٩٨٣ خانەنشین کرا ، دووبارە گەرایەوە نیۆرك.

ئەو لە مۆندیالی ١٩٨٦راهیٚنەری ئەلمانیابوو . هەلبژاردەی ئەلمانیای گەیاندە یاری کۆتایی بەلاٚم لەویٚدا بە ئەنجامی ٢ـ٣ یاریەکە بە ئەرجەنتین دۆراند.

بکن باور لە مۆندیالی ١٩٩٠  تۆلەی خۆی  لە هەلبژاردەی  ئەرجەنتین کردەوە و یاریەکەی بە ئەنجامی  ١ـ٠ بردەوە.

بکن باور گەیشتە سەرۆکایەتی یانەی بایر مونیخ و  لە سالٚی  ١٩٩٨  جیٚگری یەکیٚتی تۆپیپیٚی ئەلمانیا وەرگرت. هەر لەو جیٚگایەدابوو کە ئەلمانیای کردە شویٚنی بەریٚوە چوونی مۆندیالی ٢٠٠٦.



لەدوای ساڵی ١٩٧٠ ئەو جامە بۆ سومبلی جامی جیهانی



جامی ژور ریمیە کە بەرازیل لە ساڵی ١٩٧٠،١٩٦٢،١٩٥٨ بەدەستی هێنا